# بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی منالان بە شەق و کوتەک...

sherzad_f@yahoo.com

27/11/2006



بەپێی ئالیەتێکی نویّ کە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتویەتییەبەر ، بە یاسایەك لێدان لە خوێندکاران و سزا دانیان وەك ئامرازێك بۆ فێرکردنی منالان ڕەسمییەت و شەرعییەت پێدەدات.

بە پێی هەواڵێك لە لاپەڕە 3ی کوردستانی نوێی ژمارە 4131 ی ڕۆژی 27 نوڤەمبەری 2006 دا بلاو کراوەتەوە، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بە نوسراوی ژمارە 28758 ی ڕۆژی 5-11/2006 هەموو خوێندگاکانی ئاگادار کردۆتەوە لەوەی کە "هەرخوێندکارێك سەرپێچی ڕێنماییەکانی پەروەردەو خوێندن بکات بە توند ترین شێوە سزا دەدرێت".

هیچ گفتوگۆیەك هەڵناگریّ کە جێگەو ڕێگەی منالان ودابین کردنی مافەکانیان لە هەر کۆمەڵگایەکدا ، ،سەرەکیترین و گرنگترین پێوەری باری فەرهەنگی و پێشکەوتووی و ئینسانی بوونی ئەو کۆمەڵگایە بەیان دەکات ، ڕەفتارو مامەڵەی هەر کۆمەڵگایەك لەگەڵ منالاندا ، سەنگی مەحەکی ئینسانی بوون و ئازادی بوونی ئەو کۆمەڵگایە یە، منالان لە پێشەوەن و یەکەم شتن کە دەبیّ گرنگیان پێبدرێت ،وە گرنگتر و لە پێشترن لە هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا. ئەمڕۆ لە هەر وولاتێکی دنیا، لەژێر سایەی هەر سیستەم و دەسەلاتێکدا، وەزعی منالان باش بێت، ژیان و گوزەرانیان خۆش بێت و مامەڵەی مرۆیی لە تەك منالاندا بەڕێوە بچێت، ئەوا ئەو سیستەم و دەسەلاتە، لوتکەی ئنسانی بون و پێشکەوتووی خۆی نیشان دەدات.

هەمیشە یاساکان داهێنان و بیرۆکەی مرۆڤن و گوزارش لە دەربڕیی ئاستی ووشاری و پێشکەوتووی دەسەلات دەکات لە داڕشتنی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا دا، لە ماوەی چەند سالْ لەمەوبەرەوە وەزارەتەکانی پەرەوەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لە گۆڕانکاری لە پرۆسەی خوێندن و دانانی پرۆسەو پرۆگرامێکی نوێی پەرەوەردەو فێکردن دەکەن، هەر لەم ڕاستایەدا و لە بلاو کردنەوەی بابەت و نوسین، سەرنج و پێشنیار لە بلاوکراوە ڕەسمەیەکانی حیزبە دەسەلاتدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، بە تایبەت کوردستانی نوێی و خەبات لەچەند سالْ لەمەو بەرەوەو لەمبارەوە دەستیان بە بلاو کردنەوەی چەندین بابەت و نوسین کرد. کە من خۆم یەکێك بووم لەوانەی لەم بارەوە و لە کوردستانی نویّ و چەندین بلاوکراوەی تردا بەشداریم کردوو دوو باسی دورودرێژم لەم بارەوە بلاو کردەوە، دەربارەی بە علمانی کردنی پرۆسەی پەرەوەردەو فێرکردن.

ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان لە کوردستان دەوری بەرچاومان گێڕا لەوەی کە وەزارەتی پەرەوەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – سلێمانی لە سالْی لە سالْی 1999 دا بەیاسایەك لێدان لە خوێندکاران قەدەغە بکات، ئەو کات ئێمە لەم بارەوە جگە لە بەڕێخستنی کەمپەینێکی ڕاگەیاندن ، کۆڕو سمینار و کاری عەمەلی ، چەندین جار سەردانی وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەمان کرد لە سلێمانی، وە سەبارەت بە ئاسەوارەخراپەکانی توندو تیژی لەدژی منالان و ئەو کارەساتانەی کە لێی کەوتوبووە ئاگادارمان کردنەوە، کە ئەویش خۆ سوتاندنی چەندین خۆێندکارو گیان لەدەستدانی خوێندکاری پۆلی شەشەمی سەرەتای ( هێمن نورەدین) بوو کە بەلێدانی مامۆستاکەی گیانی لەدەستدا، ئەمە جگە لە بەجێهێشتنی پۆلەکانی خوێندن لە لایەن چەندین خوێندکارەوە لە ترسی لێدان وتوندو تیژی و مامەڵەی نادروست لەبەرامبەریان لە قوتابخانەکاندا.

ئێمە پێمان وابوو ئەم جاڕدان و بانگەواز کردنە بۆ گۆڕینی پرۆسەی پەرەوەردەو فێرکردن کە ماوەیەکی زۆرە وەزارەتی پەوەردەو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، هەر هیچ نەبیّ و بەپێی قسەو باسەکانی وەزیر بێت ، ڕەنگە کەمێك گرنگی پێبدرێت و لانی کەم بڕێك ئینسانی تر بکرێت و مافەکانی منالان و ڕەچاوکردنی هەندیّ خالّی بنەما سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ و پرۆسەی پەرەوەردەو فێرکردن تێیدا لەبەرچاو بگیرێت. کەچی تومەس مەسەلەکە لای وەزارەتی پەروەردەو بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر شتێکی ترە، ئەوەی کە هەبووە و لانی کەم لە کوردستاندا لە سالانی 1930 کانەوە دەخوێندرێت پێیان زۆر پێشکەوتووەو دەبێت بۆ دواوەی بگێڕنەوە، نەك گۆڕانکاری تری تێدا بکەن؟!

ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر بوو لە ڕۆژی 24-08/2006 وە وەزارەتی پەروەردەی هەولێر لە ماڵپەڕی کۆنفرانسەوە بانگەوازی پسپۆڕان و ڕۆشنبیران وخەڵکی شارەزایان دەکرد بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسی بە ناو (چوارەمی پەروەردەیی)دا ، بەشداری بکەن و پێشنیاری خۆیان بدەن، بۆ قسەوباس سەبارەت بە گۆڕینی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا و بەرنامەیەکی نوێی ( مۆدێرن) بۆ فێرکردن و پەروەردەی منالان لە قوتابخانەکانی کوردستاندا دابڕێژن و یاسایەکی نویٚ بەڕێوەبەرن بەرەو( کۆمەڵگایەکی مەدەنی) هەنگاو بنێن.

جێی سەرنجە کە وەزیری پەروەدە لە ووتەکەیدا بۆ کۆنفرانسی چوارەمی پەروەردەیی، باس لەوە دەکات کە دەبێت لە سیستەمی نوێی پەروەردەو فێکردندا سود لە سیستەمی خوێندن لە وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان وەربگیرێت و دەڵێ" پەروەردەو فێکردن بەشێوەیەکی مۆدێرن بەشێکی سەرەکی ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو هەوڵ تێکۆشانی وەزارەت لە خزمەت پرۆسەی پەروەردەو خوێندن بەشێوەیەکی زانستی پێشکەوتووی سەردەم، بۆ هەموو ئاستەکانی پەروەردەو فێرکردن لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە پەیمانگاکان کە سنوری کارکردنی وەزارەتی پەروەدەیە، وەزارەت هەنگاوی زانستیانە دەنێت بەرەوجێبەجێکردنی...."

هەروەها لە شوێنێکی تردا جەنابی وەزیردەڵێت:- "... هەروەها سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەوەردەو فێرکردن بە هەماهەنگی و دڵسۆزی دامودەزگای وەزارەت و پسپۆڕانی بوار پەروەردەو، مامۆستایان دەبێت، لە پاڵ سود وەرگرتن لە سیستەمەکانی پەروەردەو فێرکردنی وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان و ، پسپۆڕانی بوارەجیاجیاکان ..."

ئێوە ورد بڕوانن و سەرج بدەن سود وەرگرتنی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر لە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی وولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان چی بووە؟! ئەوەی کە من دەیبینم ئەوەیە کە هەموو ووردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیەی ئەوروپایان لەبەرچاو گرتووە، تاکە شتێك کە ماوەو لە ئەوروپاو وولاتانی پێشکەوتووی دنیادا لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا پەیان پێنەبردووە ئەوەیە کە، ئەوان بیریان چووە کە باس لە سزاو لێدانی خوێنداران بکەن، وەزارەتی پەروەردەی هەولێریش واوەتر چووەو داهێنانیێکی تازەی بۆ ئەم سیستەمە نوێیە زیاد کردووە ئەوەیش فێرکردنی منالانە بە شەق کوتەك..!!

لە کاتێدا کە لە دەسەڵاتدا بیت و باس لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ بکەیت، لە کاتێکدا باس لە دنیای مۆدێرن و کۆمەڵگەی مەدەنی بکەیت ، باس لە پەروەردەو فێرکردن بکەی لە سەربنەمای سود وەرگرتن لە سیستەمی زانستی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی وولاتانی پێشکەوتووی جیهان، بەڕاستی ڕوویەکی قایمی دەویٚ بوێرانە و بێگوێدانە هیچ پرۆەنسیپێکی پەروەردەیی و سیستەمێکی فێرکردن، هەستی و بڕیارێك دەربکەی بۆ سزادان و لێدان لە منالان وخوێندکاران..؟! بەڕاستی ئەمە داهێنان و حیکەمەتێکی گەورەیەو لە هیچ شوێنێك من بەم شێوەیە ترساندن و تۆقاندنی منالانم نەبیستووە بۆ فێرکردن و گۆێڕایەڵی کردنیان لە لایەن مامۆستاوە.

لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە وەزارەتی پەرەوەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆی دەرکردنی ئەم بڕیارە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە دەڵێ " کەمتەرخەمی و سودوەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانە، بە هۆی نەمانی سزای لێدان لە لایەن مامۆستاکانیانەوە، سەرپێچی زیاتر دەکەن و گویٚ بە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن نادەن و بەشێوەیەکی بەرچاویش پشت لە وانەکانیان دەکەن".

بەڕاستی سەیرە ئەم برادەرانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێك مەسەلەکە ئاوەژوو دەبینن، ئاشکرایە کە لێدان ، توندوتیژی و ئازاردانی جەستەی و دەرونی، و هەرجۆرە ئیهانەو سوکایەتی پێکردنێك لەگەڵ خودی سروشتی مرۆڤدا ناکۆکی هەیە، چۆن ئەکرێت ئەگەر دارەکەت بەدەستەوەبێت و شەق بوەشێنی بتوانی خەڵك فێربکەیت ، ئەگەریش مامەڵەیەکی مرۆی لەگەڵ ئەو ئنسانە بچکۆلانانە و ئەو خوێندکارانەدا بکەیت، ئەوا لێت ڕابکەن و هیچ فێرنەبن و گوێت لێنەگرن؟!

من دڵنیام کە ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەکەی دروستە. لەم بارەوەو لە ژیانی مامۆستایەتی خۆمدا من ئەگەر باس لە هیچ شتێك لەدەرس و تەجرەبەیەکی ژیانی خۆمو ڕوووداوەکانی دەوروبەری خۆم نەکەم و لەوەگەڕێم، ئەتوانم یەك نموونەی زۆر سادەی تەمەنی پۆلی دووی سەرەتای خۆم بهێنمەوە، لە ساڵی 1973 دا لە پۆلی دووەمی سەرەتایی بووم، زۆرێك لە مامۆستاکان بەدار فێریان دەکردین و لێدان و فەلاقە کردنیان بەکار دەهێنا بۆ سزا دانمان ، یەکێك لەومامۆستایانە لەهەموو ئەو مامۆستایانەی تر جیاواز بوو، کە ناوی حەمە جەمیل بوو، ئەم مامۆستایە زۆر ڕوحشیرین و خوێنشرین بوو، بە جوانی و ناشرینی قەیافەی نا بەڵکو بە ڕەفتارو مامەڵەی، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر میهرەبان بوو لە مامەڵەیدا و زۆر ڕێزی لێدەگرتین، هەر جارناجارێکیش بە پاکەتێك ڕەحەتەهەڵقومەوە خۆی ئەکرد بۆ پۆلدا، هەرکەسێك زۆر زیرەك بووایەو یەکەم کەس وانەکەی بزانیبایە یەك ڕەحەتە هەلقومی وەرئەگرت، هەرکەسیش هەر هیچی نەزانیبایە ئەوا یەك لەت ڕەحەتەهەقومی وەرئەگرت، بەڵام سەرەتا کۆڵێك نەسیحەت و قسەوباسی بۆ دەرکرد و بە زمانێکی شیرین زۆری پێدا هەڵئەدا ئەمجا هەڵقومەکەی پێی دەدا، ئەم مامۆستایە زۆر لامان خۆشەویست بوو، بەجۆرێك کە وامان لێهاتبوو کەس نەبوو لە وانەکەی ئەودا تەمبەڵ بێت و هیچ نەزانیٚ، هەموو قوتابخانەکەش خۆشی دەویست و ڕێزی زۆریان لێدەگرت، کاتێکش لەویٚ گواسترایەوە هەموو بۆی گریاین و حەزمان نەدەکرد دوای ئەو بچینەوە بۆ قوتابخانە. لەهەمان کاتدا هەندێك لە مامۆستاکانی

ترو بەڕێوەبەری قوتابخانە چەند مرۆڤێکی دڕندەبوون، هەر کە بە قوتابییەك دەگوترا لە ئیدارە مدیر بانگ دەکات ئیتر منالَەکە لە ترسان زیرەی دەکرد و میزی بەخۆیدا دەکرد.

ئێمە چ شەخصی خۆم و چ وەك سەنتەری منالآن بەگشتی دەیان جار باسمان لە بەکار هێنانی توندوتیژی ،وە کاریگەری و ئاسەوارەخراپەکانی توندو تیژی کردووە لە سەر منالآن، وە لەم بارەوە خەرمانێك نموونەی دلَتەزێن و کارەساتی پڕتراژیدیمان لەبەردەستدایە و لێرەدا بۆ بیر هێناوە هەندێك لەو نمونانە بۆ وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو:-

1. ڤینۆس 14 سالآن پۆلی شەشەمی سەرەتای لە قوتابخانەی " شەفەق" لە هەولێر ، بەرواری خۆسوتاندن 2004/12/19.
2. هاوژین یاسین تەمەن 16 سالآن پۆلی سێیەمی ناوەندی لە خوێندنگای" مەئمون دەباغ" لەگەڕەکی کوێستان لە هەولێر بەرواری خۆسوتاندن 2005/1/5.
3. سەید قەهار خەلیل تەمەن 15 سالَ ، پۆلی دووەمی ناوەندی لە خوێندنگای "نەبەرد"ی کوڕان لە هولێر، بەرواری خۆکوشتن بە گوللە 2005/1/6.
4. ژیلا یوسف تەمەن 16 سالَ پۆلی یەکی بازرگانی کچانی هەولێر.
5. عادل لە خوێندنگای سلێمانی سەرەتایی تێکەلَ ، تەمەن 12 سالَ.
6. ........

ئەمە جگە لە دەیان نمونەی تر لە شێوازی جۆراو جۆری لێدان و سوکایەتی کردن بە منالآن، وە هەروەها لێدان لە منالآنی باخچەی ساوایان ، لەوانە "میرشاد" ی تەمەن 3 سالآن لە باخچەی ساوایانی " لیزا" لە هەولێر کە 3 ڕۆژ لە جێگادا کەوت، ئەمە و دەیان نموونەی تر هەن لەم بارەوە کە باسیان بکەین.

ئەم نموونانەی کە باسم کردن تەنها بۆ بیر هێنانەوەی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەوەی لەوە ئاگادار بن کە سزادانی خوێنکاران چ لە خێزان و چ لە قوتابخانە وخوێندنگاکاندا چ کارەساتێکی بەدواوەیە، هەروەها دەبێ ئەوەش بزانن کە ڕاستەوخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و وەزارەتی پەروەردەو و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسن لە ڕوودان و دووبارە بوونەوەی تراژیدیای لەم جۆرە، ئەمە جگە لەوەی کە خودی ئەم بڕیارە ناکۆکە لەگەلَ هەموو پرەنسیپ و ناوەڕۆکێکی مرۆیی ، وە دژایەتی کردنێکی ئاشکرا ولە ژێر پێنانی مافەسەرەتاییەکانی منالآن و جاڕنامەی جیهانی مافەکانی منالآنە. بۆیە ڕێگاچارە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەوری بە بڕیارێك ئەو بڕیارە هەلَوەشێنێتەوە و بڕیاری کار پێنەکردنی ڕابگەیەنێت، وە بۆ ڕێگاگرتن لە ڕوودانی هەر جۆرە توندوتیژیەك و لێدان لە خوێندکاران ، پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێ بۆ پرۆسەیەکی علمانی و پێشکەوتنخواز.

شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالآن
تەلەفۆن:- 0046735715449
www.santarimnalan.com